# فەرمانی دەستگیرکردنی سەرکۆماری سودان کاردانەوەی لێدەکەوێتەوە



دوای ئەوەی دادگەی تاوانی نێودەوڵەتی لەپێوەند بەو تاوانانەی کە لە هەرێمی دارفوڕدا ئەنجام دراون، بەتۆمەتی ئەنجامدانی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، فرمانی دەستگیرکردنی عومەر حەسەن بەشیر، سەرکۆماری سودانی دەرکرد ، حکومەت و وڵاتانی جیهان بە شێوازی جۆراوجۆر رای خۆیان پێشاندا.

هەر لەگەڵ دەرچوونی ئەو فرمانە، حکومەتی سودان رای گەیاند کە بەهیچ شێوەیەک رەفتار لەگەڵ بڕیارەکەدا ناکات و سەرکۆمار رادەستی دادگەی نێودەوڵەتی ناکات. وەزیری کاروباری دەرەوەی سودان رایگەیاند کە بەشیر بێ باکانە بەشداری لە لوتکەی دۆحەدا دەکات، ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات. هەروەها عومەر بەشیر لەبەردەم ئەو رێپێوانەی کە لایەنگرانی خۆی دژ بە بڕیارەکە ئەنجامیان دابوو، رایگەیاند کە بڕیارێکی سیاسیەو وڵاتانی ئەوڕوپا دەیانەوێ دەست بەسەر نەوتی سودان دابگرن و بۆ خۆیان بیبەن، هەربۆیەش بە توندی لە دژیاندا دەوەستێتەوە!

فرمانی دەستگیرکردنی سەرکۆماری سودان لە کاتێکدا بوو کە هەردوو وڵاتی سین و سودان بەبۆنەی پەنجایەمین ساڵڕۆژی پێوەندی دیبلۆماسی نێوانیان ئاهەنگیان دەگێڕا، هەربۆیەش حکومەتی سین نیگەرانی خۆی لەمەڕ بڕیارەکە دەربڕی. وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی سین بە رۆژنامەوانانی راگەیاند کە وڵاتەکەی بە توندی دژی هەر رەفتارو کردەوەیەک دەوەستێتەوە کە دەست لە کاروباری نێوەخۆو رەوشی سودان و دارفوڕ وەربدات. هەروەها نوێنەری سین لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە مێدیاکانی گوت کە بڕیاری دادگەی تاوانی نێودەوڵەتی شتێکی کتوپڕ نەبوو، پاساویشی نیە، بۆیە وڵاتەکەی هیچ جۆرە هاوکارییێک لەگەڵ دادگەدا ناکات.

کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی نیگەرانی خۆی سەبارەت بە بڕیارەکە دەربڕی و رایگەیاند کە هەست بە دڵەڕاوکێیەکی زۆر دەکات و بڕیارەکەش بە توندی بێزاری دەکات. هەروەها کۆمکاری عەرەبی نارەزایی پێشانداو بڕیارەکەی بە کۆسپ لەبەردەم پڕۆسەی ئاشتی کیشوەری ئەرفریقا لێکدایەوە.

تورکیا لە راگەیاندراوێکدا داوای لە نەتەوەیەکگرتووەکان و یەکیتی ئەوڕوپا کرد تا بڕیارەکە 1 ساڵ هەڵبپەسێردرێ، ئێرانیش بڕیارەکەی بە دەست تێوەردان لە کاروباری وڵاتێکی سەربەخۆ دانا.

هەرچی یەکێتی ئەوڕوپایە بەپێچەوانەی سین و وڵاتانی دیکە، راستەوخۆ داوای لە سودان کرد کە هاوکاری پێویست لەگەڵ دادگەی نێودەوڵەتی بکات، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش داوای کرد کە لایەنە پەیوەندداردەکان دان بەخۆیاندا بگرن و وردبینانە رەفتار لەگەڵ رەوشەکەدا بکەن.

فرمانی دەستگیرکردنی سەرکۆماری وڵاتێک شتێکی بێوێنەیە، بەوهۆیەشەوە رێکخراوەکان و مێدیاکانی جیهان شرۆڤە و لێکدانەوەی جیاجیای بۆ دەکەن، هەندێک لە وڵاتانیش پێیانوایە کە دەبێ رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، یەکێتی ئەفریقا و کۆمکاری عەرەبی کە سودان لە هەر سێکیاندا ئەندامە رێوشوێنی تایبەت بگرنەبەرو بە شێوازێکی واقیعبینانە رەفتار لەگەڵ بڕیاری دادگەی تاوانی نێودەوڵەتیدا بکەن.

بەگوێرەی یاسا نێودەوڵەتیەکان، ئەو رێکخراوانە دەتوانن داوا لە دادگەی نێودەوڵەتی بکەن کە چاو بە بڕیارەکە بخشێنێتەوە یان هەڵیبوەشێنێتەوە، بەڵام چاودێران پێیانوایە گریمانی ئەوە ناکرێ، چونکە دەمێکە ئەو بابەتە لە رۆژەڤی ئەو رێکخراوانەدا تاوتوێ دەکرێ، بە شیمانەی زۆریشەوە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا پێشتر چرای سەوزیان بۆ دادگەی تاوانی نێودەوڵەتی هەڵکردبوو، بڕیارەکەش لە دوای لێکدانەوەو شرۆڤەکردنێکی زۆرەوە راگەیاندراوە.

لەوەتەی دادگەی تاوانی نێودەوڵەتی لە ساڵی 2002ەوە دامەزراوە، کە هەندێک پێشبینیان دەکرد بۆ سەدام و سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ دامەزرابێ، ئەمە یەکەمین جارە کە بڕیارێکی لەو شێوەیە بدات و داوای دادگەیی کردنی سەرۆکی وڵاتێک بکات.

هەندێک لە چاودیران پێیانوایە کە ئەگەر بڕیارەکە بکەوێتە واری جێبەجێ کردن و عومەر حەسەن بەشیر رادەستی دادگە بکرێ، هی دیکەشی بە دواوە دادێ، هەربۆیەش بەشێک لە وڵاتانی جیهان بە گومانەوە لە بڕیاری دادگەی تاوانی نێودەولەتی دەڕوانن و پێیانوایە کە ئەمریکاو یەکێتی ئەوڕوپا بە شێوازێکی نوێ دەیانەوێ ئاغایەتی بەسەر جیهاندا بکەن و دەستەڵاتی لەدەستووی خۆیان وەدەست بێننەوە.

بێگومان فرمانی دەستگیرکردنی سەرکۆماری سودان بۆ نەتەوەی کورد کە بە دەست تاوانکارانەوە دووچاری رەشەکوژی و ئەنفالکردن و کیمیاباران کردن بووە، جێگەی خۆشحاڵیە، هیواخوازیشە کە تاوانکارانی هاوشێوەی سەرکۆماری سودان راپێچی دادگەی نێودەوڵەتی بکرێن و سزا بدرێن، چونکە ئەو تاوانانەی کە دەرهەق بە گەلی کوردستان ئەنجام دراون زۆر لەو تاوانانە گەورەترن کە لە هەرێمی دارفوڕدا روویان داوە. هەربۆیەش جێگەی خۆیەتی کە حکومەتی هەرێم و هێزە سیاسیەکانی کوردستان پێشوازی لە بڕیاری دادگەی تاوانی نێودەوڵەتی بکەن و دەستخۆشیان لێبکەن و لێشیان بخوازن کە بەدوداچون بۆ ئەو تاوانانە بکەن کە دەرهەق بە نەتەوەی کورد لە پارچە دابەشکراوەکانی کوردستاندا ئەنجام دراون.

لەوانەیە حکومەتی عێراق لە روانگەی پێبەندبوونی بە کۆمکاری عەرەبیەوە پشتیوانی لە بڕیارەکە نەکات و لە دژیدا بوەستێتەوە، بەڵام دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان روانگەی خۆی پێشانی جیهانیان بدات، هەم پشتیوانی لە بڕیاری نێودەوڵەتی بکات، هەمیش ئەو دەرفەتە بقۆزێتەوە تا ستەمەکانی سەر نەتەوەی کورد بخاتەوە بەر دیدەی جیهانیان و وەبیر رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانیان بهێنتەوە.

راگەیاندن و مێدیاکانی کوردستان و هێزە سیاسیەکان نابێ وەک هەواڵ رەفتار لەگەڵ ئەو رووداوەدا بکەن، بەڵکو دەبێ وتاری زۆری لەسەر بنووسن و کوردستانیانی لێ هۆشیار بکەنەوە و ئومیدی ئەوەیان پێبدەن کە رۆژێک دادێ تاوانکارانی سەردەست دەدرێنە دادگەو سزای خۆیان وەردەگرن.

بێگومان ئەمڕۆ بواری چالاکی حکومەتی هەرێم و رێکخراوەکانی کوردستانی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا بەرفراوانتر بووە، میکانیزمی باش و لەبار لەدەست کوردستانیاندا هەن، هەر ئەوەشە کە لێماندەخوازی چاوکراوەترو ئەکتیڤتر بەدوای دۆزی رەوای گەل و نیشتمانەکەماندا بچین .

**ئاکۆ مەجید**

# مالکی تەنگژەکان قوڵتر دەکاتەوە



هەفتەی رابردوو هەواڵەکان بڵاویان کردەوە کە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکێک ناکام ماونەتەوە، بەوهۆیەشەوە تەنگژەیەکی دیکە هاتە سەر تەنگژەو قەیرانەکانی دیکەی وڵاتی عێراق. لەو بەستێندا بەشێک لە سەرکردەی هێزە عێراقیەکان نوری مالکی سەرۆک وەزیران لە سەرهەڵدانی ئەو تەنگژەیە تۆمەتبار دەکەن و دەڵێن؛ نوری مالکی دەیەوێ ئەنجوومەنی نوێنەران پاشکۆی حزبەکەی خۆی بێ. لەو بارەیەوە عومەر عەبدولستار، یەکێک لە ئەندامانی سەرکردایەتی حزبی ئیسلامی عێراقی بە رۆژنامەی شەرقولئەوسەتی راگەیاندووە نوری مالکی سەرۆکی حکومەت دەیەوێ پەرلەمان سەر بە نووسینگەی خۆی بێ، مالکی لە بەڕێوەبردنی دەستەڵاتدا دیکتاتۆرە، ئێمەش نامانەوی عێراق بۆ دیکتاتۆریەت بگەڕێتەوە.

پێشتر و لەسەرو بەندی هەڵبژاردنەکاندا عادل عەبدولمەهدی جێگری سەرکۆماری عێراق و ئەندامی سەرکردایەتی ئەنجومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی بە ئاژانسی ئاسوشیتدپریسی راگەیاندبوو کە پاوانکردنی دەستەڵات لەلایەن حکومەت و وەزارەتەکان پێویستە بەمێنێ، چونکە بۆتە بەربەست لەبەردەم گەشەپێدان. عەبدولمەهدی گوتبووی؛ نابێ عێراق بۆ بیرکردنەوەی بەرپرسێک یان بەڕێوەبەرێک بێ.

لەلایەکی دیکەشەوە پێشوتر رێزدار مەسعود بارزانی، سەرۆکی کوردستان بە رۆژنامەی لۆس ئەنجلس تایمزی گوتبوو؛ نوری مالکی سەرۆک وەزیران بەرەو تاکڕەوی دەڕوات، ئەگەر کەسێک بکەوێتە تاکڕەویەوە دەبێتە دیکتاتۆرێکی کەم وێنە، خۆی تێیدا زەرەر دەکات.

وێڕای ئەوانەشەوە بەردەوام بەرپرسانی حکومەتی هەرێم رەخنە لە نوری مالکی دەگرن و بە هۆکاری سەرهەڵدانی کێشەو ئاڵۆزیەکانی نێوان بەغدادو هەولێر تۆمەتباری دەکەن.

هەرچی ئەیاد عەلاوی، سەرۆک وەزیرانی پێشووتری عێراقیشە لەو باوەڕەدایە کە لە رێگەی دروست کردنی هێزی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر کە لە چوار هەزار کەس پێکدێ و راستەوخۆ سەر بە سەرۆک وەزیرانە، مالکی دەیەوێ وڵات بۆ سەردەمی کۆن بگێڕێتەوە.

ئەگەر لە رامان و لێدوانەکانی ئەو بەرپرسانە ورد بینەوە کە نوێنەرایەتی پێکهاتەکانی عێراق دەکەن، دەگەینە ئەو باوەڕەی کە نوری مالکی مەیلی تاکڕەوی و خۆسەپاندنی تێدایە، بەوهۆیەشەوە گرفت و ئاستەنگ لەسەر رێگەی پڕۆسەی سیاسی عێراق دادەنێ.

هەنگاوەکانی مالکی کە لەلایەن هاوپەیمان وەبەر رەخنە دەدرێ و گومانی لێدەکرێ، هەرچی خودی مالکیشە پێیوایە کە دەبێ دەستەڵاتی ناوەند بەهێز بکرێتەوەو وڵات لە پاشاگەردانی دەرباز بکرێ.

قوڵکردنەوەی تەنگژەکان و هاوڕانەبوونی هێزە گەورەکانی عێراق گورزی کاریگەر لە پەیکەری ئەو خەونە دەدرێ کە پێیدەگوترێ دیموکراسی و هەمووانیش بانگەشەی بۆ دەکەن.

**هاشم عەبدوڵلا محێدین**

Hashm_abdulla@hotmail.com

# 63 وڵات لە سوید چەک دەکڕن



سەرچاوەکانی هەواڵ ئاشکرایان کرد کە شانشینی سوید کە بە وڵاتێک ئاشتیخواز و دژە شەڕ ناسراوە چۆتە ریز وڵاتە چەکفرۆشەکانەوە، ساڵانە بەوهۆیەوە چەندین ملیار کرۆن قازنج دەکات.

پاش ئەوەی ئۆلف پالمێ Olof Palmeسەرۆک وەزیرانی پێشووتری ئەو وڵاتە کوژرا، ستاتۆی دیموکراتی لە سوید گۆڕا، هەم نەتەوەپەرستی پەرەی سەند، هەمیش مەیلیداری بۆ شەڕخوازان سەری هەڵدا، بەوهۆیەشەوە ئێستا سوید وەک وڵاتێکی چەکفرۆش پێوانەی بۆ دەکرێ و بازرگانی دەگەڵ 63 وڵاتی جیهاندا دەکات.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئێستا سوید لە ریزبەندی هەشتەمی وڵاتە چەک فرۆشەکاندایە. هەروەها بەگوێرەی تۆماری بەڕێوەبەرێتی گومرگی هەناردەی چەک لەسویسرا ISP سوید هەشتەمین وڵاتی جیهانە لە چەکفرۆشتندا، سالانە بای 12.7 ملیار چەک دەفرۆشی کە دەکاتە نزیکەی 1ملیار و 500 ملیۆن دۆلار.

ISP ئاشکرای کردووە ساڵی پار زۆرترین چەکی بە باشووری ئەفریقا، دانمارک، هۆلەندا، یۆنان و پاکستان فرۆشتووە. ئەو چەکانەی کە فرۆشراون فڕۆکەی JAS جەنگیان تێدا بووە.

جێگەی ئاماژەیە کە لە ساڵی 1987ەوە سوید دەستی بە فرۆشتنی چەک کردووە، سەرەتا چەکی بە وڵاتانی ئەوڕوپا دەفرۆشت، دواتر چەکی بە پاکستان، هیندستان، ئیمارەتی عەرەبی، سعودیەو چیلی فرۆشت، ئێستاش چەک ە ئەمریکا، کەنەدا، ئوستراليا، نیوزلاند، تورکیاش دەفرۆشێ. بە تێکڕایی چەک بە 63 وڵاتی جیهان دەفرۆشی، بەوهۆیەشەوە لە ریزی وڵاتە چەکفرۆشەکاندا جێگەی گرتووە.

یاسای سوێد رێگە نادات کەچەک بە هەندێ وڵات بفرۆشێ، بە تایبەتیش ئەو وڵاتانەی کە بەدیکتاتۆر ناسراون،. بەگوێرەی یاسای سوێد ئەو وڵاتانەی کە شەڕی تێدایە، نابێ چەکیان پێ بفرۆشرێ. بەتایبەت ئەگەر ئەو وڵاتانەی کە شەڕی نێوەخۆی ئایینی یان نەتەوەییان تێدایە، بەڵام ئێستا ئەو یاسایە ژێر پێ خراوە، چونکە چەکی بە پاکستان و هیندستان دەفرۆشێ، ئەو وڵاتانە هەم لەگەڵ یەکتر ناکۆکن، هەمیش لە نێوەخۆ دەرگیری شەڕی تایفی و نەتەوەیین.

کۆمپانیای هیدرۆ ئاگری کە ئامینیۆم نیترات بە شەست وڵاتی جیهان دەفرۆشێ، ئەو ماددەیەش لە دروست کردنی چەکدا سوودی لێوەردەگیرێ. جاران ئەو ماددەیەی بە یەمەن و ئەندەنوسیاش دەفرۆشت، بەڵام ئێستا لەسەر داوای ئەمریکا رایگرتووە نەوەک بگاتە دەست کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵام 300 تۆن لەو مادەیە بە کۆلۆمبیا فرۆشراوە، کڕین و فرۆشتنی ئەو ماددەیەش لە دەستی سوپا دایە، سوپاش بە بیانۆی شەڕەوە رۆژانە دەیان کەسی سڤیل دەکوژێ، ئەمەش بە گران لەسەر سوید کەوتووە.

ئێستاکە سوید لە وڵاتێکی ئاشتیخوازەوە بۆ وڵاتێکی چەکفرۆش گۆڕاوە، ئەمەش کاریگەرێ نەرێنی لەسەر داهاتووی ئەو وڵاتە دادەنێ.

**ئامادەکردنی: عیسمەت ئامەدی**

This document was created with Win2PDF available at http://www.win2pdf.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.
This page will not be added after purchasing Win2PDF.